راپۆرتێک لەبارەی :

# زانکۆی گەرمیان و گرفتەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچوان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

2021-9-1



## پێشەکی:

سالانە سەدان فێرخواز زانکۆ تەواو دەکەن، بەڵام ئەوان روبەڕوی کێشـەیەکی سەخت دەبنەوە: نەبونی هەلی کار. هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بەوەی بەشی زۆریان رانەهێنراون بە پێداویستی بازاڕ و کار، یاخود بەش و بوارێکی ئەکادیمیان تەواو کردوە کە لە بازاڕی هەلی کاردا گرنگ نین، سـەرباری ئەمـەش دامەزراندنی حکومیی راوەستاوە.

ئەم کێشەیە لە هەمو کوردستان و عێراقدا بونی هەیە، ئەگەرچی ئێمە لەم راپۆرتەدا بەتایبەت لەسـەر زانکۆی گەرمیان وەستاوین، بەوپێیەی پەیوەستە بەو ناوچەیەی کە یەکەکەمان تیادا چالاکە. لەم راپۆرتەدا بە وردی لەسەر ئەم کێشە و هۆکارەکانی دەوەستین، لایەنەکانی رون دەکەینەوە، هەروەک کاریگەریی و لێکەوتەکانیشی دەخەینەڕو.

## کورتەیەکی مێژوی زانکۆی گەرمیان

زانکۆی گەرمیان سـالی ٢٠١٠ بـە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری کردنەوەی درا، ئەمەش دوای ئەوەی پێشـتر لە کۆمەڵێک کۆلێژ پێکهاتبو کە سـەر بە زانکۆی سـلێمانی بون، بەشێوەیە لە سـالی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ بە کۆلێژی پەروەردە لە کەلار و کۆلێژی ئاداب لە خانەقین دەسـتی پێکرد، پاشان لە سالی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە کەلار کە پێشتر پەیمانگای مامۆستایان بو کرایەوە، لە هەمان ساڵدا کۆلێژی وەرزش لە خانەقین کرایەوە، لە سالی ٢٠١١ ئەم ٤ کۆلێژە خرانە سەر زانکۆی گەرمیان.

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### ١. دەرچوانی زانکۆ: پسپۆڕیەکەمان سودی نەبوە بۆ هەلی کار لە بازاڕدا

بەشـێکی زۆری دەرچوانـی زانکـۆ بێ هیوا بون لەو بەشـەی کە خوێندویانە وەک خۆیان دەڵێن کە هیچ گرنگیەکی نەبوە بۆیان و کاری بۆ پەیدا نەکردون.

جوانە ئیسـماعیل، دەرچوی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێـت: بەشـەکەی من لــە هەمو وڵاتێـک گرنگـی تایبەتی پێ دەدرێت، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتەکەی خۆم بێ سودترین بەشە.

ئەو دەرچوانە ئاماژە بەوەدەکەن خوێندنی چەند ساڵەیان نەبوەتە هۆی ئەوەی لە پاش دەرچون کار و پیشەیەکیان دەستکەوێت کە بەهۆیەوە ژیانی خۆیانی لەسەر بونیاد بنێن.

بەختیار عومەر محەمەد، دەرچوی بەشی مێژو لە زانکۆی گەرمیان، وتی: دەرچوی سـالی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤م، بە هیچ شـێوەیەک سودم لێ نەبینیوە بۆ کاروباری رۆژانەم.

بەشـێکی بەرچـاوی بەشـەکانی زانکـۆی گەرمیـان، ئەوانەن کە نابنـە هۆی دۆزینەوەی هەلیکار لە کەرتـی تایبەت، بەڵکو زۆرتر دەرچـوەکان دەبنـە مامۆسـتا و لەگـەڵ راگرتنـی دامەزراندنـی حکومییش دا، ئەوان سودێک لە بڕوانامەکەیان نابینن.

شێنێ حارس، دەرچوی بەشی بیرکاری لە زانکۆی گەرمیان باسی لەوە کرد: لە سـالی ٢٠١٧ خوێندنم تەواو کردوە، هیچ سـودێکی بـۆم نەبـوە کە تەواوم کرد، چونکە ئەچیتە هەر شـوێنێک داوای ئەزمونی کار ئەکەن، من شـوێنێک وەرم نەگرێت ئەزمون لە کوێ بهێنم؟

بەپێچەوانەوە، عومەر محەمەد، دەرچوی بەشـی زانستی کیمیا لە زانکـۆی گەرمیـان، وتی: دوای دەرچونی لـە زانکۆ، بڕوانامەکەی هاوکاریی کردوە کە پرۆژەیەک بۆخۆی دەستپێبکات.

وتی: لە سالی ٢٠١٩ـەوە خوێندنم تەواو کرد، بەهۆی بڕوانامەکەوە لە کارگەیەکی بچوکی دروسـتکردنی سـابون کاردەکەم کە لەگەڵ پسـپۆڕیەکەم دەگونجێت، ئەگەرچـی داهاتێکی وای نیە کە وەکو تاکە سەرچاوەی داهاتی ژیانم بەکاریبهێنم.

«خوێندنەکـەم بـۆ هەلـی کار گرنگی پێ نادرێـت، چونکە هەمو مەرجـی هەلـی کارەکان زمانـە و هیچ شـوێنێکیش پێویسـتیان بەمامۆسـتای جوگرافیا نیە»، جوانە ئیسماعیل، دەرچوی بەشی جوگرافیا لە زانکۆی گەرمیان وا دەڵێت.

لە هەمان کاتدا، بەختیار عومەر، دەرچوی بەشی مێژو لە زانکۆی گەرمیـان، وتی: نزیکەی ٧ سـاڵە لە بواری فرۆش و بەبازاڕکردن دا کاردەکەم کە زۆر دورە لە بەشـەکەی خۆمەوە و پەیوەندی بە بڕوانامەکەوە نییە نیە.

«بەشـەکەم بەشـی خۆی گرنگە، بەڵام دۆخەکـە وایکرد کە لێی پەشـیمان بم و گەشـتومەتە ئەو قەناعەتەی کە هەڵخەڵەتێنراوم، چونکە لەگەڵ کەسـێک کە هیچـی نەخوێندبێت وەک یەکین و لە یەک شـوێن کاردەکەین». خالد فەریق، دەرچوی بەشـی فیزیا لە زانکۆی گەرمیان، وا دەڵێت.

ئەو کە لە بەنزینخانەیەکدا کار دەکات، باس لەوەدەکات ئیشەکەی هیچ پەیوەندیەکی نیە بە پسپۆڕێتیەکەیەوە.

هەندێکی تریان ئەو بەشانەی کە تەواویان کردوە بە گرنگ دەزانن، بەڵام بێئومێدن لەوەی نەبوەتە هۆی رەخساندنی هەلی کار بۆیان.

هاوژین مەهدی، دەرچوی بەشـی کۆمپیوتـەر لە زانکۆی گەرمیان وتی: بەشەکەم گرنگە، بەڵام سودی چیە کە نەبوەتە سەرچاوەی داهاتی ژیانم.

هەندێکـی تریشـیان بەگلەییـن لەوەی بـۆ ئەوەی هەلـی کاریان دەستکەوێت پێویستیان بە واستەیە، نەک بڕوانامە.

عومەر محەمەد، دەرچوی بەشی زانستی کیمیا لە زانکۆی گەرمیان وتی: بۆ رەخسـاندنی هەلی کار بۆ هەر دەرچویەک، پێویسـتیت بە واستەیە کە خاڵێکی بەهێزە بۆ ئێستا.

## ٢. «نەبونی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ زیاتر لە بەشە وێژەییەکان رەنگی داوەتەوە»

مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیان باس لەوەدەکات لە کاتێکدا زۆرترین بەشەکانی زانکۆکەیان بەشی وێژەیین، کەچی دەرفەتی کار بۆ دەرچوانی ئەم بەشانەش زۆر کەم و سنوردارە.
سامان بەهمەن، دەڵێت: نەبونی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ زیاتر لە بەشە وێژەییەکان رەنگی داوەتەوە و پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە چۆن هەلی کاریان بۆ برەخسێنرێت، رێژەیەکی کەمی دەرچوان بون بە خاوەنی کاری خۆیان ئەوەشی بوە لە رێگەی حزب یاخود بە میزاجی شەخسی بوە.
پێیشوایە «زانکۆ دەبێت پەیوەندییەکی باشی بە کۆمەڵگە و بازارەوە هەبێت و لینکێکی پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەی کە هەلی کار بۆ تاک دەرەخسێنن، بەڵام لە نێو زانکۆکان ئەمە نەکراوە و گەرمیانیش بەدەر نیە لەو گرفتە».
مامۆستایەکی دیکە وایدەبینێت کە پێویستە زانکۆ برەو بەو بەش و کۆلێژانە بدات کە کادیر بۆ بازاڕ ئامادە دەکەن.
د. یادگار عەلی، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: پێویستە زانکۆ کار لەسەر ئەو بەش و کۆلێژانە بکات کە لە بازاڕی کاردا کاریان دەست دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کردنەوەی ئەو بەشانە بەتەنها گرنگ نیە، بەڵکو پێویستە کار لەسەر ئەوەش بکات کە ئەو تاکانەی رو لەوێ دەکەن لە روی جۆرییەوە بەشێوەیەک بۆ بازاڕ ئامادەیان بکات.
بەرپرسی دو بەشی زانکۆی گەرمیان، جەخت لەوە دەکەنەوە بەهۆی ئەوەی بەشەکانیان زانستین و دەرفەتی کاریان باشتر دەبێت، بۆیە خواست لەسەریان زیاترە.
د. حسێن ئیسماعیل، راگری کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: کۆلێژی ئێمە ١٣ بەشمان لە دەوامی بەیانیان و ئێواران هەیە، ٤ بەشیان زانستین لە بەیانیان کە خواست لەسەریان زیاترە، هۆکاری ئەمەش قەیران و ئەو دۆخە بو کە هاتە ئاراوە وایکرد کە رەخساندنی کار و دامەزراندن زیاتر لەو بەشانە بێت وەک لە بەشەکانی دیکە.
هاوکات د. عومەر یونس، راگری کۆلێژی زانست لە زانکۆی گەرمیان، وتی: ٢ بەشمان هەیە (کیمیا و کۆمپیوتەر)، ئەم دو بەشەش خواستی زۆر لەسەرە، چونکە هەلی کاری هەیە لە بازاڕدا.
راگری کۆلێژێکیش رەدی دەکاتەوە تەنها بەشە زانستیەکان برەویان هەبێت، بەڵکو لەنێو بەشە وێژەییەکانیشدا بەش هەن کە گرنگ بێت بە لای فێرخوازانەوە.
د.کۆمار نیعمەت، راگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: کۆلێژەکەمان لە ٥ بەش پێک هاتوە: کوردی، عەرەبی، باخچەی ساوایان، پەروەردەی وەرزش و زانستە کۆمەڵایەتیەکان، هەمویان خواستیان لەسەرە لەلایەن خوێندکارەوە، بەتایبەت بەشی پەروەردەی وەرزش و باخچەکان کە تارادەیەک هەلی کاری هەیە بۆ دەرچوان.
لەبارەی ئەو بۆچونەی کە پێیوایە کە زۆرێک لەو بەشانە زیادەن، وتی: هەر بەشە و گرنگی خۆی هەیە و زیادە نین.

## ٣. زانکۆکان بون بە شوێنی خوێندن تەواو کردن


ئەگەرچی بڕیارە زانکۆ کادیری پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکان دروست بکات، بەڵام ئەوەی لە زانکۆکانی عێراق و هەرێم بەگشتی و ئەوەی گەرمیان بەتایبەتی بەدیی دەکرێت، ئەوەیە کە پلانیان نیە بۆ رەخساندنی هەلی کار.
کەریم مەدحەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وتی: زانکۆ لە هەرێم و گەرمیان هیچ پلانێکیان نیە، زۆربەی دامەزراوەکان و زانکۆی گەرمیانیش بە هەڕەمەکی دامەزراون، کە دێیت دامەزراوەیەک دەکەیتەوە و هیچ پلان و توانایەکت نیە، ئەمە کارەسات دروست دەکات.
بەهەمان شێوە، سامان بەهمەن، مامۆستا لە بەشی کوردی لە زانکۆی گەرمیان، وتی: زانکۆکان بون بە شوێنی ئەوەی تەنها فێرخواز خوێندن تەواو دەکات و دەچێتەوە ماڵەوە و دادەنیشێت، ئەمەش وایکردوە دەرچویەکی زۆر لە ماڵەوەبێت و بێکاربێت.
مامۆستایەکی دیکەی زانکۆی گەرمیان جەخت لەم بۆچونە دەکاتەوە.
د. عەدنان مەحمود، باسی لەوەکرد: حکومەت پلانی نەبوە بۆ ئەوەی هەلی کار لە رێگەی پسپۆڕییەوە برەخسێنێ و ئەو بەشانەش نەکراوەتەوە کە لەگەڵ بازاڕدا یەک دەگرنەوە، بەتایبەت بەشە پیشەییەکان.
«وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی بۆ زانکۆ نیە و نەشیبوە، ئەمەش بە تەنها وەزارەت بە تەنها لێی بەرپرس نیە، بەڵکو وەزارەتی پەروەردە و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش لێی بەرپرسن کە پێویستە بە هەماهەنگی کاری لەسەر بکرێت»، سامان عەزیز، چالاکوان و شارەزای بواری کارگێڕی وا دەڵێت.
لەباسکردنی هۆکاری ئەوەی زانکۆکان رۆڵیان لە دروستکردنی کادیر بۆ بازاڕ و پسپۆڕێتیەکاندا نیە، هۆکاری جیاواز باس دەکرێت.
کەریم مەدحەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، پێیوایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە «زانکۆکان بە شێوەی ستاندارد دانەمەزراون». سامان بەهمەن، مامۆستا لە بەشی کوردی لە زانکۆی گەرمیان، پێیوایە زانکۆکان «لەسەر میزاجی حزبی و شەخسی دامەزراون».

## ٤. سەرۆکی زانکۆی گەرمیان: نیوەی دەرچوانی زانکۆ دامەزراون

سەرۆکی زانکۆی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو فێرخوازانەی کە لە زانکۆکەدا دەرچون، زیاتر لە ٪٥٠یان دامەزراون لە شوێنە جیاوازەکان.
د. فەرهاد قادر، باسی لەوەکرد: ئەو خوێندکارانەی کە لە ماوەی ٧ خولی دەرچونی زانکۆی گەرمیان دەرچون، بەرێژەی زیاتر لە ٪٥٠ بون بە خاوەنی کاری خۆیان و دامەزراون.
سەرۆکی زانکۆی گەرمیان ئاماژەی بەوەنەدا کە ئەم داتایەیان چۆن و بە پشت بەستن بە چ روپێوییەک بەدەستهێناوە.

## ٥. گرنگیی نەدان بە بەشە پیشەییەکان

وەک باس دەکرێت، لە زانکۆی گەرمیان دا زۆر بە کەمی گرنگی بە بەشە پیشەییەکان دراوە، ئەمەش ئەگەر بەشێکی بۆ کەمی ستاف و تاقیگە و ئامێری تایبەتمەند بگەڕێتەوە، بەشەکەی تری پەیوەستە بە نەبونی پلانەوە.
د. یادگار عەلی، دەڵێت: هەمو ئەو زانکۆ تایبەت و حکومیانەی کە هەن، ستافی پێویستیان بۆ کردنەوەی ئەو بەش و وەرچەرخانە نوێیە ئامادە نەکردوە کە لە ئێستادا هەیە.
وتیشی: بەشێکی گەورەی ئەو دۆخەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زانکۆکان گرفتی بەڕێوەبردن و زانستییان هەیە، تەنها بە کردنەوەی بەشی نوێ نابنە خاوەن بونێکی کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵگە و دەرچواندا.
لەبەرامبەردا سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، باس لە بونی پرۆژە دەکات لەلایەن زانکۆکەیانەوە بۆ کردنەوەی بەشی نوێی زانستی.
د. فەرهاد قادر، وتی: پرۆپۆزەڵی ٦ بەشی زانستی ئامادەیە بۆ کردنەوەیان لە کۆلێژەکانی زانکۆدا، هەمو ئەو بەشانەش لەسەر بنەمای پێویستی ناوچەکە و رەخساندنی هەلی کار بۆ خوێندکار دەکرێنەوە، هاوتەریب بە پێویستیە زانستیەکانی سەردەم.
وتیشی: بۆنمونە یەکێک لەو بەشانەی بەنیازین بیکەینەوە، ژمێریارییە، چونکە بۆ هەلی کار لە بازاڕدا خواستی لەسەرە، بۆ هەر بەشێکیش لێکۆڵینەوەی ئابوری و زانستی کراوە.




## ٦. ئەو بەشانەی لە نێو زانکۆ دان تاچەند بەپێی خواستی بازاڕن؟

بەپێی بەدواداچونێکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بەشێکی زۆری ئەو بەشانەی کە لە نێو زانکۆی گەرمیاندا هەن بەپێی خواستی بازاڕ نیە، مامۆستایانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە.
سامان بەهمەن، دەڵێت: ئەو بەشانەی کە لە نێو زانکۆکەدا هەیە بەشێوەیەکی گشتی کە بەپێی ستاندارد و شوێنی جوگرافی و ئەو تێروانینە زانستیانەی کە بۆ زانکۆ هەیە نەکراوە، نەک نابێت بکرێنەوە بەڵکو دەبێت دابخرێن چونکە زیادەن.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: زانکۆی گەرمیان لە چاو زانکۆکانی تر تازەترە، کەچی ئەمیش کەوتوەتە ناو ئەو بێسەروبەرییەی کە هەیە، چونکە هیچ بەرنامەیەکی نیە بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی بڕەخسێنێت.
«لەم ساڵانەی دوایدا زانکۆی گەرمیان کۆمەڵێک بەش و کۆلێژی کردوەتەوە کە لەگەڵ پێویستی کۆمەڵگە و بازاڕدا یەکدەگرێتەوە، بەتایبەت کۆلێژی پزیشکی و بەشیی ئەندازیاری شارستانی، بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە کە وەکپێویست پێداویستی و ستافی بۆ ئامادە نەکراوە»، ئەمە بەپێی وتەی د.یادگار عەلی، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان.
مامۆستایەکیش دەپرسێت: بازاڕ بونی هەیە تاوەکو هەلی کار هەبێت بۆ دەرچوان؟
د. خالد فایەق، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وتی: نە لە عێراق ونە لە هەرێمی کوردستانیش ئەو بەشانەی کە لە زانکۆ کراونەتەوە لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕ نەبون.
لەبارەی زانکۆی گەرمیانیشەوە، چالاکوانێک پێیوایە لە کردنەوەی بەشەکاندا رەچاوی پێویستیی ناوچەکە نەکراوە.
سامان عەزیز، دەڵێت: ئەو بەشانەی کە هەن لە زانکۆی گەرمیان بە پێی پێویستی و گەشەپێدانی ئابوری ناوچەکە نەکراونەتەوە، بەڵکو لەسەر هەمان شێوە کلاسیکیە کۆنەکە کراوەتەوە کە پێشتر هەبوە.
دەشڵێت: بۆ نمونە بەشی ئابوری بە هەمو لقەکانیەوە گرنگە، کەچی لێرە نیە، کارگێڕی و دارایی گرنگە، ئەویش نیە، تەکنەلۆژیاش تەنها لە بەشی کۆمپیوتەر بچوک کراوەتەوە، بۆیە پێویستە گرنگی بەو بەشانە بدرێت کە لەگەڵ خواستی بازاڕدا یەک دەگرنەوە وەک چۆن وڵاتان ئەوە دەکەن.

## ٠٧ سەرۆکی زانکۆی گەرمیان: بەشەکان بە زانستیانە نەکراونەتەوە

سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دان بەوەدا دەنێت کە زۆرینەی ئەو بەشانەی لە زانکۆکە کراونەتەوە، بە ڕێکاری زانستی نەکراونەتەوە.
د. فەرهاد قادر، وتی: کاتی خۆی کە ئەو بەشانە کراونەتەوە هەریەکە و بە هۆکاری جیاواز بوە، بەشێوەیەکی زانستی بڕیاری لەسەر نەدراوە و زۆربەی بەشەکان دوبارەن، بەتایبەت بەشە زانستیەکان زۆر کەمن، بۆیە بۆ کردنەوەی هەر بەشێکی زانستی جگە لە پێداویستی و تاقیگە و بینا و هۆڵی تایبەت، پێویستیت بە ستافێکی باشیش هەیە، لە گەرمیان و کوردستانیش زۆربەی ئەو ستافانەی کە هەن مامۆستای بەشە مرۆییەکانن.
بەوتەی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، لەسەرەتاوە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە لە ناوچەکە بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەریان هەبوە، ١٠ مامۆستا بون، بەڵام ئێستا زانکۆی گەرمیان خاوەنی ٤٠٤ مامۆستایە کە ٩٠٪یان خەڵکی گەرمیانن.
د. فەرهاد قادر، جەختی لەوەشکردەوە: ژمارەی ئەو مامۆستایانەی زانکۆی گەرمیان لە بەشە زانستیەکان دا ماستەر و دکتۆرایان هەیە زۆر کەمن، بۆیە کەمتر ئەو بەشانەش کراونەتەوە.

## ٠٨ ئەرک و کاری زانکۆ پێویستی بە ڕێکخستنەوەیە

مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ئاماژە بەوەدەکەن بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو بەشانەی کە لە نێو زانکۆکەیاندا هەن کۆن و کلاسیکین، پێویستیان بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیە.
د. یادگار عەلی، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وتی: زۆربەی بەش و کۆلێژەکان بون بە مەڵبەندی دەرچواندنی خوێندکار بەبێ لەپێش چاوگرتنی پێویستی کۆمەڵگە و بازاڕ، ئەمە جگە لەوەی دروستکردنی وێنەیەک بۆ بێبەها پیشاندانی پرۆسەی خوێندن، دەرچوانیشی نائومێد کردوە، دەبێت ئەم واقیعە بگۆڕێت.
مامۆستایەکی دیکەش هاوڕای ئەم بۆچونەیە، پێیوایە شێوازی کاری زانکۆ لە هەرێم تەقلیدییە «زانکۆ پێویستی بە گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوەیە»، کەریم مەدحەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وای وت.
پێیشیوایە بەرپرسان و کەسانی یەکەمی زانکۆ دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن، بەڵام وەکخۆی دەڵێت «بێباکن»، ئەویش بەو بەڵگەیەی کە لەم ڕووەوە کۆبونەوە و کۆنفرانسیان لەگەڵ مامۆستایان ئەنجام نەداوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵکو ڕەخنە لە وەزیری خوێندنی باڵاش دەگرێت کە چاوی بە مامۆستایانی زانکۆ نەکەوتوە و کۆنەبوەتەوە لەگەڵیان.
چالاکوانێکیش باس لەوە دەکات زانکۆ پێویستی بە ڕیفۆرمێکە لە ئاستی باڵا و بنەڕەت بۆ ئەوەی دەرچویەک کە خوێندن تەواو دەکات پێویستی بە دامەزراندن نەبێت .
سامان عەزیز، چالاکوان و شارەزا لە کارگێڕیی، وتی: وەزارەتی خوێندنی باڵا ناوەندی پرسەکەیە، تاوەکو ئێستا وەزارەت پلانێکی نەبوە، چونکە ئەو بەشانەی کە لە نێو زانکۆی گەرمیاندا هەن ناتوانین بڵێین زیادەن، بەڵام لە سەر ڕێگە کلاسیکیە کۆنەکە بەردەوامن.
وتیشی: زانکۆ پێویستی بە ڕیفۆرمێکە لە ئاستی باڵا و بنەڕەت بۆ ئەمەش پلانێکی نیە تاوەکو ئێستا، چونکە لە گەرمیان ڕێژەی بێکاری گەشتوەتە سەروی ١٥٪ بەشێکی زۆری ئەوەش دەرچوی زانکۆن.

## ٠٩ خاوەنکارەکان: دەرچوانی زانکۆ دور لە پسپۆڕیی خۆیان لامان کاردەکەن

بەشێکی خاوەنکارەکان باس لەوەدەکەن ڕێژەیەک لە کارمەندەکانیان دەرچوی زانکۆن، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە کە زۆرینەیان بەپێی پسپۆڕی خۆیان کاریان دەستنەکەوتوە، بەڵکو ئەو کارەی کە دەیکەن لەگەڵ پسپۆڕیەکەیان یەک ناگرێتەوە.
ئارام ئەحمەد، بەڕێوبەری بازاڕی سۆران لە کەلار، باس لەوە دەکات: بنەمای وەرگرتنی کارمەند لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، سەبارەت بە وەرگرتنی کارمەند لای ئێمە خاڵی یەکەم لە سەر بنەمای توانای گشتی و کەسایەتی کەسەکەیە.
وتیشی: بڕوانامەش یەکێکە لە خاڵە ئیجابیەکان بۆ ئێمە، ئەگەر نەشبێت کێشە نیە، بەڵام مەرجە خوێندەوار بێت.
سەبارەت بەوەی وەرگرتنی کارمەند لە سەر بنەمای پسپۆڕییەکان تا چەند گرنگە بۆ کارەکەیان، بەڕێوبەری بازاڕی سۆران وتی: بەشێکی زۆری کارمەندەکانمان دەرچوی زانکۆن، بە نیسبەت پسپۆڕییەکانەوە بۆ هەندێک بەش و کار گرنگیمان پێداوە، بۆ هەندێکیش بە پێچەوانەوەیە، بۆ نمونە ئێمە وەک خۆمان گرنگیمان بە پسپۆڕی بواری کۆمپیوتەر داوە.
خاوەنی کارگەیەک باس لەوە دەکات بەشێکی زۆری کارمەندەکانی دەرچوی زانکۆن، بەڵام ڕێژەیەکی کەمیان لەسەر بنەمای پسپۆڕی وەرگیراون.
هیوا محەمەد، خاوەنی کارگەی چیاو لە کەلار، دەڵێت: ئەو کەسانەی کە لێرە کاردەکەن زیاتر لە ٥٥٪یان دەرچوی زانکۆن، ١٠٪ی کارمەندەکانمان لەسەر بنەمای پسپۆڕی وەرگیراون، بۆ نمونە دەرچوی پسپۆڕی بازرگانی و ژمێریاری و کارەبا و خۆراک و تاقیگەن، ئەو ڕێژەکەی کە دەمێنێتەوە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و کەسی و دۆخی ئابوری وەرگیراون نەک پسپۆڕی.
لە سنوری گەرمیان ڕێژەیەکی زۆری دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام بەپێی بەدواداچونێکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ڕێژەیەکی کەمی ئەو دەرچوانە لە پرۆژەکانی ئەم بوارەدا کاردەکەن.
سەلام ئیبراهیم، خاوەنی مەشتەلی گوڵ و دار لە کەلار، وتی: خودی خۆم هیچ پسپۆڕییەکم لە کارەکەم نیە، بەپێی ئەزمون فێری ئەوەبوم، ئەوانەشی لەلام کار دەکەن دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی نین، نەبوە دەرچویەکی ئەو کۆلێژەش بێتە لامان و کار بکات، تەنها یەک کەسمان هەیە مەشتەلی هەیە لێرە و دەرچوی کشتوکاڵە.

## ١٠. بەدواداچون بۆ کاری دەرچوانی زانکۆ ناکرێت

مامۆستایان جەخت لەوەدەکەنەوە تاوەکو ئێستا نەبوە زانکۆی گەرمیان بەدواداچون بکات بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو دەرچوانەی کە لە زانکۆکەدا خوێندویانە بون بە خاوەنی کاری خۆیان یاخود نا.
کەریم مەدحەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، هێما بۆ ئەوە دەکات: زانکۆی گەرمیان خەمی ئەوەی نیە خوێندن لە نێو زانکۆکەدا چۆنە چ جای بگات بەوەی کە دەردەچێت چی لێ بەسەردێت!
سامان بەهمەن، وتی: ئەوەی رۆژانە دەیبینین کە دەرچویەکی زۆر دێتە سەر شەقام و دەچنە بەردەم دامودەزگا حکومیەکان و داوای هەلی کار دەکەن، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە کار نەکراوە، چونکە ئەگەر دەرچوان کاریان هەبێت بۆ دەچنە سەر شەقام بۆ داواکردنی کار؟!
ئەم گرفتە و زۆربەی گرفتەکانی دیکەش وەک مامۆستایەکی زانکۆ باسی لێوەدەکات، تایبەت نیە بە زانکۆی گەرمیان، تەنانەت خودی مامۆستاکانیش لۆمەی خۆیان دەکەن لەو روەوە.
«نەک لە زانکۆی گەرمیان، بەڵکو لە کوردستانیش بەدواداچون نیە بۆ دەرچوان کە بون بە خاوەنی کاری خۆیان یاخود نا، بە خودی خۆشمەوە لە دەرچویەکی خۆمم نەپرسیوە تا چەند کاری دەست کەوتوە». د. عەدنان مەحمود، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وای وت.
بەڵام لە زانکۆکانی جیهان، ئەم بەدواداچونە هەیە و بگرە پێویستیشە.
سامان عەزیز، چالاکوان لە گەرمیان، وتی: لە زانکۆکانی جیهان داتابەیسی تایبەت بە خۆیان هەیە و ناوی دەرچوانی زانکۆی تێدا تۆمار دەکرێت، لە دوای ساڵێک بۆ دوساڵ پەیوەندیان پێوە دەکرێت تاوەکو بزانرێت تا چەند دەرچوان بون بە خاوەنی کاری خۆیان و ئەو پسپۆڕییەی کە خوێندویانە تا چەند سودیان لێبینیوە بۆ کار.
وتیشی: خۆم لە دەرەوە خوێندومە، لەلایەن زانکۆکەمەوە پەیوەندیم پێوەکرا کە بزانن کارم دەست کەوتوە یاخود نا.
باسی لەوەشکرد زانکۆکانی جیهان وێبسایتی تایبەت بە خۆیان هەیە ساڵانە ئامارەکانیان رادەگەیەنن کە چەند دەرچویان بون بە خاوەنی کار.
د. فەرهاد قادر، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، لەبارەی ئەم پرسەوە وتی: سیستەمی داتابەیسمان نیە، لەبەر ئەوەی خوێندکار کە دەردەچێت هیچ پەیوەندیەکی بە زانکۆوە نامێنێت، بەتایبەت ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی شارن و لێرە دەخوێنن، ئێمە ناتوانین چاودێریان بکەین کە تاچەند بون بە خاوەنی کار.

## ١١. خولی راهێنانی تواناکان بۆ فێرخوازان دەکرێتەوە

چەند ساڵێکە خولی راهێنانی تواناکان لە زانکۆکانی کوردستان دەکرێتەوە، زانکۆی گەرمیانیش گرنگی بەم راهێنانە داوە کە بۆ ماوەی ٢ مانگ خولی تایبەت بە دەرچوانی زانکۆ لە سنوری گەرمیان دەکاتەوە کە تێیدا دەرچوان لە ناوەند و شوێنکارە ئەهلیەکان رادەهێنرێن بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار.
دریڤان جەلال، بەڕێوەبەری سەنتەری گەشەپێدان بۆ کار لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: ئامانجی ئەم سەنتەرە بەستنەوەی زانکۆیە بە بازاڕی کار بەمەبەستی بەدەستخستنی دەرفەتی راهێنان لەشوێنی کار بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی خوێندکارانی زانکۆ و زەمینەسازی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو زانیارییانەی کە فێری دەبن لەناو هۆڵەکانی خوێندن بەشێوەی تیۆری.
بەپێی ئامارێکی سەنتەری گەشەپێدان بۆ کاری زانکۆی گەرمیان، لە ماوەی ٣ ساڵی رابردو زیاتر لە ٣٠٠ فێرخواز سودمەند بون لەو راهێنانەی کە کراونەتەوە.
دریڤان جەلال، وتی: لەخولی ئێستای پرۆگرامەکەدا (٢٠٢٠-٢٠٢١) دا زیاتر لە ١٤٠ فێرخواز لەپرۆسەی راهێنانن لەشوێنی کارەکانیان.
بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی (IREX)ی ئەمریکی بۆ سەرجەم بەشداربووانی پرۆگرامی راهێنانی تواناکان، دەرکەوت کە سەروی ٩٠٪ی بەشداربوان گۆڕانکاری ئەرێنی بەسەر بیروباوەڕیان هاتوە لە رێگەی کردنەوەی ئەو راهێنانە.
مەریەم خالد، قۆناغی چوارەم لە بەشی جوگرافیا، ئەمساڵ بەشداریی لەم راهێنانەدا کردوە، وەکخۆی دەڵێت: ئەم راهێنانە سودی دەبێت بۆ دەستکەوتنی کار، چونکە من وەک خۆم بەشداربوم لە راهێنانەکە بۆ کاری راگەیاندن و بەشەکەشم وەکپێویست لە کەرتی تایبەت کارم دەست ناکەوێت، ئەم راهێنانە بو بە هۆکاری ئەوەی کە قۆناغی چوارەمم تەواو کرد بتوانم کاربکەم لەو بوارەدا.
بەهەمان شێوە، کەوسەر سۆران، دەرچوی بەشی کوردی لە زانکۆی گەرمیان و یەکێک لەبەشدارانی خولی راهێنانی تواناکان، وتی: ئامانج لە راهێنانی دەرچوان بۆ دۆزینەوەی هەلی کارە و بروانامەی تایبەتمان پێدەدرێت لەسەر ئەو خولە کە بە تیۆری و پراکتیکی راهێنراوین.

## ١٢. بەڕێوبەرایەتیەک راهێنان بە فێرخوازانی زانکۆ دەکات

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی کار و راهێنانی پیشەی لە گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٢ تاوەکو ساڵی ٢٠٢١ لە گەرمیان ١٤٩٦ کەس راهێنراون کە بەشێکیان خوێندکاری دەرچوی زانکۆ و پەیمانگاکان بون.
کاوە جەبار، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کار و راهێنانی پیشەی گەرمیان دەڵێت: «ئێمە لە بەڕێوبەرایەتیمان هۆبەیکمان هەیە بەناوی راهێنان کە ١٥ وەرشە و پیشەی جیاواز لە خۆ دەگرێت و وەرشەکانیش جۆراوجۆرن، بۆ هەر وەرشەیەکیش خولی بەردەوامی هەیە و جاری واهەیە خولەکان دەگاتە ٤٥ رۆژ».
وتیشی: رێژەیەکی بەرچاوی دەرچوی زانکۆ و پەیمانگاکان دێنە لامان بە کۆی گشتی دەگاتە ٥٠٪، بۆ هەر وەرشەیەکیش جیاوازە، هاوکات لیژنەی تایبەتیشمان هەیە بۆ دۆزینەوەی کار لە رێگەی کۆمپانیاکانەوە کە کارمەند وەردەگرن.

## ١٣. مامۆستایەک: دەبێت خوێندکار لە ناو زانکۆ رابهێنرێت

مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیان دەڵێت: پرۆژەم پێشکەش کرد لە نێو زانکۆ بەو پێداویستی و بینایانەی کە هەیە فێرخواز بە پراکتیکی رابهێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە بازاڕ هەلی کاری بۆ ئاسانتر ببێت، بەڵام گرنگی بە بیرۆکەکەی نەدرا.
د. خالد فایەق، وتی: لە نێو زانکۆ سەنتەر هەیە، بەڵام رێژەیەکی کەمی خوێندکار لێی سودمەند بون، لەبەر ئەوەی پراکتیکی نیە، ئەگەر پراکتیکی بێت ئەوە بۆت رون دەبێتەوە چ بەشێک گرنگە لە بازاڕدا.
دەشڵێت: لە ئێستادا کارگەیەکی سابونم کردوەتەوە سەربەخۆ لە گەرمیان، دەرچوی زانکۆ کاری تێدەکەن لە بەشی کیمیا، پلانی ئەوەشم هەیە گەورەتری بکەم و ببێت بە جێگەیەک بۆ خوێندکارانی زانکۆ کە بێن و بە پراکتیکی بابەتەکە ببین.

## ١٤. بەڕێوبەری کشتوکاڵی گەرمیان: تەنها یەک پرۆژەی دەرچوانی زانکۆ هەیە لە سنورەکە

بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان باس لەوەدەکات لە سنوری گەرمیان تەنها یەک پرۆژە بە فەرمی هەیە لەلایەن دەرچوانی زانکۆوە بەڕێوەدەبرێت.
شادیە حسێن، وتی: لە گەرمیان تەنها یەک پرۆژە لای ئێمەیە و مۆڵەتی هەیە و دەرچوی زانکۆ بەڕێوەی دەبات ئەویش کارگەی دروستکردنی سابونی قەڵایە، لەگەڵ ئەوەش پرۆژەیەکی دیکە هەیە دەرچوی کولێژی کشتوکاڵیە پرۆژەی بەخێوکردنی قازە، بەڵام مۆڵەتیان نیە، ئێمە وەک خۆمان تەنها هاوکاریان بوین لە کارەکانیان و رێنمایمان پێداون.
وتیشی: ٢ پرۆژەی دیکە هەیە وەک بەرێوبەرایەتیمان مۆڵەتمان داوە و لە کاردان هێشتا تەواو نەبون، ئەویش: پرۆژەی کارگەی قارچک و پرۆژەی بەخێوکردنی مانگایە کە دەبێت دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات و بەڕێوەی ببات.
سەبارەت بە بونی پرۆژەی تایبەت بە خۆیان کە تا چەند کارمەندی دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی بەڕێوەی دەبات، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: خۆمان ٢ نوسینگەی تایبەتمان هەیە بە فرۆشتنی بەروبومی کشتوکاڵی، دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی بەڕێوەی دەبەن، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەی کشتوکاڵی بۆ ناوچەی گەرمیان نوێیە، بەرهەمەکانی لە ساڵانی داهاتو دەردەکەوێت کە کەرتی تایبەت کاری تێدا دەکات.



دیمەنێک لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان-کەلار

## ١٥. بۆچی ئەو بەشانە ناکرێتەوە کە بۆ بازاڕ گرنگن؟

ئەو بەشانەی کە لە کۆلێژەکانی زانکۆی گەرمیان هەن بەپێی وتەی مامۆستایان و فێرخوازانیش کۆن و کلاسیکین، تاوەکو ئێستا هەنگاو نەنراوە بۆ کردنەوەی ئەو بەشانەی کە لە بازاڕدا دەرفەتی کاری هەیە بۆ دەرچوان.
د. سامان محەمەد، راگری کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی گەرمیان، وتی: کۆلێژی ئێمە نوێیە و هێشتا دەرچوی زانکۆمان نیە، لەلایەن فێرخوازەوە خواستی زۆری لەسەرە جیاواز لە کۆلێژ و بەشەکانی دیکە، خوێندکار زۆر بە پەرۆشەوەیە بگات بەو بەشانە.
جەختیشیکردەوە: کۆلێژی پزیشکی کۆلێژێکی زۆر گرنگە بۆ ناوچەی گەرمیان.
ئەمەش لەکاتێکدایە بەهۆی نەبونی مامۆستای پێویستەوە، مەترسی هەیە ئەم کۆلێژە بۆ ساڵی نوێی خوێندن فێرخواز وەرنەگرێت.
راگری کۆلێژەکان لە زانکۆی گەرمیان باس لەوەدەکەن پلان و پرۆپۆزەڵی خۆیان پێشکەش کردوە بۆ کۆمەڵێک پسپۆڕی نوێ کە لە زانکۆکەدا بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی ستاف و قەیرانی داراییەوە، تاوەکو ئێستا بە ئەنجام نەگەشتون.
د. محەمەد ئیبراهیم، راگری کۆلێژی ئەندازیارییە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کفری، وتی: پلانی ئەوەمان ئامادەکردوە و پرۆپۆزەڵمان بۆکردنەوەی بەشەکانی: (بەبیابان بون و ئابوری کشتوکاڵی) پێشکەشکردوە و ئامانجەکەش بەستنەوەیانە بە بازاڕەوە و سودی بۆ دەرچوان دەبێت.
هاوکات، د.کۆمار نیعمەت، راگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان، باسی لەوەکرد ئەگەرچی دەیانەوێت بەشەکانی: (پەروەردەی بنەڕەت و کۆمپیوتەر) بکەنەوە، بەڵام بەوپێیەی رێنماییەکان قورسن بەجۆرێک هەر بەشێکی نوێ دەبێت ٧ مامۆستای پسپۆڕی هەبێت، تاکو ئێستا نەکراونەتەوە.
بەهەمانشێوە بەش و کۆلێژەکان پلانی ئەوەیان هەیە بەشی جیاواز بکەنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ بازاڕ گرنگن، بەڵام بەهۆکاری جیاواز نەکراونەتەوە.

## ١٦. گرفتی نەبونی سەنتەری گەشەپێدانی کار و پیشەیی

لە وڵاتانی پێشکەوتو سەنتەری گەشەپێدانی کار و پیشەی هەیە، کە خوێندکارێک خوێندن تەواو دەکات لە زانکۆ ناوی تۆماردەکرێت لەو سەنتەرەدا، راهێنانی دورمەودایان پێدەکرێت کە لە ٦ مانگەوە بۆ ساڵێک و شەش مانگ دەست پێدەکات.
سامان عەزیز، چالاکوان لە گەرمیان دەڵێت: ئەو سەنتەرە لە کوردستان گرنگی پێنەدراوە، چونکە حکومەتی هەرێم پاڵپشتی مادی ناکات، بۆ نمونە بەڕێوبەرایەتی قەرزی بچوک هەبو کە کۆمەڵێک دەرچوی خستە کارەوە، کەچی ئەویش راگیراوە بە پاساوی قەیرانی دارایی.
وتیشی: لە ئێستا تەنها تەرکیز لەسەر خولی درومانی و سەرتاشییە کە ئەمەش رێژەیەکی زۆری هاوڵاتی و دەرچو خەریکی ئەم کارەن.
سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، باس لەوەدەکات سەنتەری هاوشێوە لەلایان هەیە.
د. فەرهاد قادر، وتی: لە زانکۆ ماوەی ٣ ساڵە سەنتەری گەشەپێدانی کارمان هەیە، لەم ماوەیەدا ٣١ کەس کە راهێنانیان لای ئێمە کردوە لەم سەنتەرەدا، بون بە خاوەنی کاری خۆیان.

## ١٧. دان نەنان بە زانکۆی گەرمیاندا رێگرە لە کردنەوەی بەشی نوێ

لە ساڵی ٢٠١٠وە زانکۆی گەرمیان کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دان بەو زانکۆیەدا نەنراوە، ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت کارەکانی قۆناغی باشی بڕیوە.
سەرۆکی زانکۆی گەرمیان باس لەوەدەکات، کێشەی دانپێنان بە زانکۆی گەرمیان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە، هۆکارە بۆ نەکردنەوەی بەشی نوێ.
د. فەرهاد قادر، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، وتی: وەک سەرۆکایەتی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵاش پلانمان هەیە کۆلێژ و بەشەکان لە زانکۆ رێک بخەینەوە، بەڵام دەبێت چاوەڕوانی دانپێدانانی زانکۆی گەرمیان بکەین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، چونکە تاوەکو ئەو پرۆسەیە تەواو نەبێت نە دەتوانین بەشی نوێ بکەینەوە و نە دەتوانین بەشی کۆن لابدەین.
وتیشی: بە نوسراوی فەرمی بۆمان هاتوە کە دەبێت چاوەڕوانی ئەوەبین و نابێت گۆڕانکاری بکەین.

## ١٨. نوسینگەی قەرزی بچوکی گەرمیان: ٤٠٪ی سودمەندبوان دەرچوی زانکۆن

حکومەتی هەرێم پێش هاتنی قەیرانی دارایی، پرۆژەیەکی بەناوی قەرزی بچوک راگەیاندبو، کە پارەی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە بە گەنجان دەدا و دواتر بە قیست پارەکانی لێوەردەگرتنەوە.
ئەم پرۆژەیە وەک بەڕێوبەری نوسینگەی قەرزی بچوک لە گەرمیان باسی لێوەدەکات، بە فەرمانێکی زارەکی وەزیری دارایی لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە راگیراوە.
ئارام کەریم، بەڕێوبەری نوسینگەی قەرزی بچوک لە گەرمیان، لەبارەی سودمەندبونی دەرچوانی زانکۆ لە پرۆژەکە، وتی: ئەو هاوڵاتیانەی کە سودمەندبون لە قەرزی بچوک و بون بە خاوەنی پرۆژەی خۆیان و کاریان کردوە، ٤٠٪یان دەرچوی زانکۆ بون.

## ١٩. چی بکرێت؟

بەشێک لە مامۆستایان پێیانوایە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی هەلی کار لە بازاڕدا برخسێنێت بۆ دەرچوانی، کۆنفرانسی تایبەت بەو پرسە رێکبخرێت لەگەڵ زانکۆ نێودەوڵەتیەکان، گرنگی بەو بەشانەش بدات کە هەلی کار لە بازاڕدا دەڕەخسێنن، هاوکات دەستی حزبیش بە نێو زانکۆکان دوربخرێتەوە.
د. یادگار عەلی، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، باس لەوە دەکات: یەکێک لە رێگەچارەکان کارکردنە لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق دان بە زانکۆی گەرمیاندا بنێت، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی زانینی پێداویستی راستەقینەی بازاڕ و دەست بردن بۆ کردنەوەی ئەو بەش و پسپۆڕیانەی کە لە بازاڕدا پێویستن.
وتیشی: بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانسی تایبەت بەو پرسە و دارشتنەوەی پلان و بەرنامەی تۆکمە بەهەماهەنگی لەگەڵ بازاڕدا، لەگەڵ ئەوەشدا دورخستنەوەی دەستی حزب لە نێو زانکۆکان و دورخستنەوەی دەستی شەخسی و دانانی کەسی پسپۆڕ و لێهاتو لە بوارەکەدا.
مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە سەنتەری تایبەت بە راهێنان لە بوارە جیاوازەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەشی کە دەرچوان ببن بە خاوەنی کاری خۆیان، تەنها پشت بە بڕوانامەی ئەکادیمی نەبەسترێت.
د. عەدنان مەحمود، باسی لەوەکرد: «پێویستە حکومەت بازاڕ رێکبخاتەوە، هەروەک بەشەکانی زانکۆش رێکبخرێنەوە و بەشی نوێ بکاتەوە کە لەگەڵ بازاڕدا یەکبگرێتەوە.
«پێویستە گرنگی بەو بەشانە بدرێت کە پەیوەندی بە تەندروستی و ئاسایشی خۆراکەوە هەیە، بە جۆریک زیاتر گرنگی بە کۆلێژی کشتوکاڵ بدرێت و بەشەکانی بەروبومی کێڵگەیی و پیشەسازی خۆراک بکرێتەوە، لەپاڵ کردنەوەی کۆلێژی نوێ وەکو: کارگێڕی و ئابوری، چونکە ئەو بەش و کۆلێژانە هەلی کاریان زیاترە لە بازاڕدا». د. خالد فایەق، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وای وت.

# بەشی دوەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرئەنجامەکان

١. خوێندنی زانکۆیی لە گرفت ئەگەر نەڵێین لە قەیرانێکی گەورە دایە، لەو روەوەی کە پەیوەستە بە گەیشتنی فێرخواز بە هەلی کاری گونجاو پاش دەرچونی لە زانکۆ، چونکە زۆربەیان وەک لە راپۆرتەکەدا رونکراوەتەوە، روبەڕوی نەبونی دەرفەتی کار دەبنەوە، ئەوانەشی کە کاریان دەستدەکەوێت، بەزۆری لە بواری پسپۆڕێتی زانکۆیاندا نیە.

٢. بەوتەی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، نیوەی دەرچوانی زانکۆ بون بە خاوەنی کار، ئەگەرچی ئاماژەی بەوەنەدا کە بەپشت بەستن بە چ توێژینەوە و روپێویەک ئەم ئەنجامەیان دەستکەوتوە، بەڵام هێشتا رێژەکە زۆر کەمە و دەرخەری گەورەیی ئەو کێشەیەیە کە دەرچوانی زانکۆ روبەڕوی دەبنەوە، بەوەی لە باشترین حاڵەتدا نیوەیان بە بێ بونی کار دەمێننەوە.

٦. بەشی پیشەیی کەمتر لە زانکۆی گەرمیان دا گرنگیی پێدراوە و هەیە، هەروەک بەشە زانستیەکانیش سنوردارن، لەبەرامبەردا بەشە وێژەییەکان بە ژمارە زۆرن و فێرخوازیشیان زۆرە، ئەمەش لەکاتێکدایە دەرفەتی کار بۆ دەرچوانی بەشە وێژەییەکان زۆر کەمترە.

٧. بەرپرسانی زانکۆ باس لەوەدەکەن کە دەیانەوێت بەشی نوێی پیشەیی و زانستی بکەنەوە، بەڵام کێشەی گەورەیان ئەوەیە دەستیان بەستراوە بە ئاراستەی کردنەوەی بەش و کۆلێژی نوێ کە لەگەڵ داواوخواستی بازاڕدا بگونجێت، ئەمەش بەهۆی دانپێدانەنانی زانکۆکەیە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە.

## بەشی پیشەیی کەمتر گرنگیی پێدراوە و بەشە زانستیەکانیش سنوردارن

٣. وەک دەردەکەوێت، بەشی زۆری ئەو بەشانەی کە هەن، کادیرێک پێدەگەیەنن کە بۆ فەرمانگەی حکومیی دەست بدەن نەک بازاڕ، بەشی زۆری ئەو بەش و کۆلێژانەشی هەن، دەرچوەکانی دەبن بە مامۆستا، بەڵام لە ئەرزی واقیع دا حکومەت دامەزراندنی راگرتوە و ئەوەندە هەلی کاری راستەقینە کە تەریب بێت بە بڕوانامە و پسپۆڕێتیەکەیان، بۆ ئەو دەرچوانە دەستەبەر نابێت.

٤. هۆکاری ئەم کێشەیە پەیوەستە بە زۆر بوار و زۆر لایەنیش لێی بەرپرسن، لەلایەک بازاڕ رێکنەخراوەتەوە و بەشی زۆریش ئەکتیڤ نیە، یان ئەکتیڤێکەیشی بە یاسا و رێکاری زانستی نەخراوەتە چوارچێوەوە، لەلایەکی تریشەوە بەش و کۆلێژەکان بەبێ بونی بنەمای زانستی کراونەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کێشەی ستاف و مامۆستای پسپۆڕ و تاقیگە و هۆڵ و ئامێر و ئامرازی هەیە.

٥. بە دانپێدانانی سەرۆکی زانکۆ و مامۆستایان، کردنەوەی بەش و کۆلێژەکان بە رێکاری زانستی نەکراوە، کێشەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی دەزانرێت ئەم بەش و کۆلێژانە لەسەر هێڵێکی راست و زانستی نین، کەچی خوێندن تیایاندا بەردەوامن و ساڵانەش بە سەدان دەرچویان هەیە.

٨. حکومەت هەندێک دەستپێشخەریی هەبوە بۆ ئەوەی دەرچوانی زانکۆ بخرێنە سەرکار، لەوانە: بونی خولی راهێنان، لەگەڵ پێدانی قەرزی بچوک، بەڵام ئەوەی یەکەمیان زامنی بون بە خاوەن کار و پیشە ناکات، دوەمیشیان بەکاریگەریی قەیرانی دارایی راگیراوە.

٩. هەست بەوەدەکرێت کە زانکۆ لە دۆڵێکە و بازاڕیش لە دۆڵێکی تر، هیچ پەیوەستیی و پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوانەدا نییە، بەشێوەیەک ببن بەوەی کە یەکتری تەواو بکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی و خراپی ئەو سیستەمەی کە هەردو بوارەکەی پێ بەڕێوەدەبرێت.

١٠. هۆکارێکی گرنگی ئەوەی زانکۆکان نەبونەتە سەرچاوەی خوڵقاندنی دەرفەتی کار، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی خوێندن بەگشتی و لەنێویشیاندا خوێندنی زانکۆیی، کەمتر پراکتیکین و زۆرتر گرنگیی بە لایەنی تیۆریی دەدرێت، ئەمەش وادەکات فێرخوازان خاوەنی کارامەیی پێویست نەبن لە بواری پسپۆڕێتیەکەیاندا.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. پێش زانکۆی گەرمیان وەزارەتی خوێندنی باڵا و پێش ئەویش حکومەت و لەپێش حکومەتیشەوە پارلەمان، پێویستە لەسەر ئەم پرسە بە جیدیی بوەستن، چونکە وەک دەردەکەوێت زانکۆکان تەنها بون بە مۆڵگەی تەواوکردنی خوێندن، نەک دروستکردنی تاکی بەهرەمەند کە بتوانن دوای دەرچونیان ڕۆڵیان هەبێت لە کۆمەڵگادا. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبونی بێکارییەکی گەورە کە ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە.
بۆیە گرنگە ئەو لایەنانە پێداچونەوەیەکی جیدیی بکەن بە پرۆسەی خوێندن و بازاڕ دا، وابکەن کە گونجاندنێک لەنێوانیان دا دروست بکەن، چ بە دەرکردنی یاسای نوێ و تایبەتمەند، چ بە هەموارکردنەوەی یاسا کۆن و کێشەدارەکان، چ بە دەرکردنی ڕێنمایی و هەنگاو لەلایەن حکومەتەوە بۆ برەودان بە خستنەسەرکاری دەرچوانی زانکۆ لە کەرتی تایبەت دا.

٥. پێویستە پێداچونەوە بە پرۆگرام و شێوازی خوێندن دا بهێنرێت، لەپاڵ بنەچە تیرۆرییەکان، گرنگیی زیاتر بە لایەنی پراکتیکی و هاوتاکردنی ئەم دولایەنە بدرێت. هەروەک پرۆگرامەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێن کە کارامەیی کار بۆ بازاڕ بەرهەم بهێنن نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە و زۆرتر بە ئاراستەی حکومەت و دامەزراندنە لە کەرتی گشتی.

٦. ئەنجامدانی ڕاهێنان و بونی سەنتەری تایبەت بە گەشەپێدانی توانای فێرخوازان، هەنگاوی گرنگن، هانی زانکۆی گەرمیان دەدەین کە گرنگیی زیاتر بەم بوارە بدەن و بەشێوەی زانستی و پشت بەستو بە توێژینەوە و ڕوپێوی، پێداچونەوەی ئیجابیی تێدا بکەن.

## بونی پرۆژەی پاڵپشت بۆ دەرچوانی زانکۆ زۆر پێویستە لەنمونەی قەرزی بچوك

٢. هانی زانکۆی گەرمیان دەدەین کە لە ئاستی خۆجێی دا ئەم گرفتە بەهەند وەربگرێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ڕوپێویی وردتر لەسەر ئەم پرسە، هەروەها ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمینار و کۆبونەوەی کراوە، بە بەشداری کادیرانی ناوخۆیی و شارەزایانی دەرەوەی زانکۆ و تەنانەت بیانییش، بەمەبەستی دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کە بەپشت بەستن بەو چارەسەرانە، هەنگاوی پێویست بنێت.

٣. گرنگە زانکۆکە پێداچونەوە بە کۆلێژ و بەشەکانی دا بکات، بەوەی ئەو بەشانەی کەمتر سودیان بۆ فێرخوازان دەبێت لە دەستکەوتی هەلی کار، سنوردار بکرێن یان دابخرێن، بەپێچەوانەوە ئەو کۆلێژ و بەشانەی کە لەو ڕووەوە گرنگن بەتایبەت لە بوارە زانستی و پیشەییەکان، بکرێنەوە.

٤. ئەگەرچی بەرەوپێشەوەچون هەیە، بەڵام یەکێک لە کێشە دیارەکانی زانکۆی گەرمیان، دانپێدانەنانێتی لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، دەبێت هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو دانپیانانە لە ئەولەویەتی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی سنورەکە بێت، کە زۆرجار وەکو هۆکار بۆ گەشەنەکردنی زانکۆکە یان نەکردنەوەی بەشی گرنگ و نوێ لێکدەدرێتەوە.

٧. بونی پرۆژەی پاڵپشت بۆ دەرچوانی زانکۆ زۆر پێویستە، لەنمونەی قەرزی بچوک، یان کردنەوەی سەنتەری خستنەکاری دەرچوان، بۆ ئەمەش دەکرێت زانکۆی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، هەماهەنگیی بکەن.

٨. هانی زانکۆی گەرمیان دەدەین کە دەستپێشخەریی هەبێت لەنمونەی ئەنجامدانی کۆبونەوەی بەرفراوان و کۆنفرانس لەگەڵ خاوەنکار و کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازیی و کارگە و... هتد، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و دۆزینەوەی ئالیەتی گونجاو بۆ هاوکارییکردنی یەکتری و سودبینینی دولایەنە، بەتایبەت لە خستنەسەرکاری دەرچوانی زانکۆ دا، بۆ ئەمەش ئەو لایەنە حکومیانەی پەیوەستن بە ڕێکسختنی بازاڕ لەگەڵ سەندیکا تایبەتمەندەکان دەتوانن بەشدار و هاوکار بن.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی ڕایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەڕوی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. ڕێناس ساڵح

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net